**مووزیکی گیانبزوێن** **تۆماس ترانسترۆمێر**

دوای ڕۆژێکی ڕەش «هایدن» بەپیانۆ دەژەنم

تەزووی گەرمایکی کەمتین بە دەستەکانمدا دێ

پەنجەکلیلەکان دەیانەوێ.

نەرمە چەکوش دەکوتن.

زایەڵەی سەوزە، گا سەربزۆز گا هێدین.

زایەڵە دەڵێ ئازادی هەیە.

کەس باج بە قەیسەر نادا.

دەستەکانم لە گیرفانی هایدنەکەم دەنێم

و لاسایی کەسێک دەکەمەوە، کە ئارام دەڕوانێتە دنیا.

ئاڵای هایدن هەڵئەدەم- یانی:

«ئێمە ئاشتیخوازین. بەڵام کۆڵنادەین»

مووزیک خانوێکی شووشەیە لە لێژاییدا

لەوێ بەردەکان دەفڕن،

بەردەکان لوول دەبن.

دیسان بەردەکان لوول دەبن بۆ ئەوبەر

کەچی چاوەی پەنجێرەکان ساخ دەمێنن.

وەرگێرانی ڕەحمان سۆفی